# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات

ژمارە (٩٨) چاپی یەکەم ساڵی نۆیەم ٢٠٠٨/٥/٤ م ١٤/گوڵان/٢٧٠٩ کوردی ٩/جمادي الاول/١٤٣٠ کۆچی

98

Waqaehi Kurdistan


لەم ژمارەیەدا:


* **یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ١
  یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
* **فەرمانی هەرێمی ژمارە (٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ٤
  سپاردنی پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی ـ عیراق بە بەڕێز « **عیماد احمد سیفور** ».
* **فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ٤
  سپاردنی پۆستی وەزیری ناوخۆ بە بەڕێز « **کریم سنجاری** ».
* **فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ٥
  سپاردنی پۆستی وەزیری پێشمەرگە بە بەڕێز « **جعفر مصطفی** ».
* **وەزارەتی ژینگە / ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ٦
* **وەزارەتی داد / بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ٨
  کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە ناحیەی بیارە، سنووری کارەکانی هەردوو ناحیەی( خورماڵ و بیارە ) و ( شارۆچکەی تەوێلە ).
* **وەزارەتی شارەوانی / بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩** ........................ لا ٨
  پلەی شارەوانی تەکیە لە سنووری پارێزگاری سلێمانی بۆ پلەی ( ٢ ).

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (٩٨) الطبعة الاولى السنة التاسعة ٢٠٠٩/٥/٤ م ١٤/گولان/٢٧٠٩ كوردي ٩/ جمادى الاول/ ١٤٣٠ هـ

## في هذا العدد:


قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩ ............................................ ص ١٠
قانون التعديل الرابع لقانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل.

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية....................................**

أمر إقليمي رقم (٥٣) لسنة٢٠٠٩ ............................................ ص ٤
إناطة مهام نائب رئيس المجلس الوزراء بالسيد «عيماد احمد سيفور».

أمر إقليمي رقم (٤٠) لسنة٢٠٠٩ ............................................ ص ٤
إناطة مهام وزير الداخلية بالسيد «كريم سنجاري».

أمر إقليمي رقم (٥٣) لسنة٢٠٠٩ ............................................ ص ٥
إناطة مهام وزير الپيشمرگه بالسيد «جعفر مصطفي».

وزارة البيئة / تعليمات رقم (١) لسنة٢٠٠٩ ............................................ ص ٦

وزارة العدل / بيان رقم (١) لسنة٢٠٠٩ ............................................ ص ٨
إستحداث ملاحظية التسجيل العقاري في الناحية «بياره».

وزارة البلدية / بيان رقم (١) لسنة٢٠٠٩ ............................................ ص ٨
تغيير درجة بلدية «تكية» الى درجة (٢).


No.:98 Date : *May*,4, 2009 Vol. : 9

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

بەناوی گەلەوە

**بڕیـــــار**

**ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**
**یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو**

بـە پێـی بڕگـەی (١) ی مـاددەی (١٠) ی یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ ی هـەموارکراو و دوای ئـەوەی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق زۆربـەی زۆری ئـەو پێـشنیارانەی لـە بریـاری ژمـارە (٣) سـاڵی ٢٠٠٩ دا کردبومـان بـۆی بـە هەنـد وەرگـرت لـە دانیـشتنی ئاسایی ژمارە (٢) لە ٢٥ /٢٠٠٩/٣ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم: (پەرلەمانی کوردستان . عیراق) شوێنی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق)، دەگرێتەوە کە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا هاتووە.

دووەم: گـــشت ئـــەو زاراوە و دەســـتەواژانەی لـــەم یاســـایە و ئـــەو یاســـایانەدا هـــاتوون کـــە لـــە هەرێمـــدا کاریـــان پێـــدەکرێ، هـــەموار دەکـــرێن بـــە جـــورێ کـــە ڕێـــك بکـــەوێ لەگـــەڵ ئـــەو هەموارکردنەی لەبڕگە (یەکەمی) سەرەوەدا هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

مادەی چواردەم لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە.

**ماددەیسێیەم:**

بڕگەی (٢) لە ماددەی (بیست و یەك) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**"٢. شیاوی تەواو بێت (کامل الاهلیة) و گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی"**

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی (١) لە ماددەی (بیست و دوو ) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**هـەر قەوارەیـەکی سیاسـی لـە کوردسـتانی . عیراق بـۆی هەیـە لیستێکی تایبـەت بـە خـۆی پێشکەش بکات کە ناوی پالێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستان– عیراق تیابێ، بەمەرجێ ڕێژەی ژن لە ٣٠٪ کەمتر نەبێ و زنجیرەی ناوەکان بە جۆرێ ڕێك بخا ئەم ڕێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات، بەمەرجێ ژمارەی پالێوراوان لەهەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێت."**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی (چل و شەشەم) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان یەکەمین دانیشتنی لەماوەی (دە) رۆژدا دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی بۆ بانگهێشت کردنی ساز دەدا و لەکاتی دەرنەچوونی بانگهێشتەکە بۆی، ئەوا لە رۆژی دوای کۆتایی ئەم ماوەیە کۆدەبێتەوە.

**مادەی شەشەم:**

ماددەی (چل و نۆیەم) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: پەرلەمان لەدانیشتنی یەکەمی دا وادەی دەورەکانی بەستنی دەست نیشان دەکات، بەمەرجێ سالانە لە دوو دەورە کەمتر نەبێ.

دووەم: سەرۆکی پەرلەمان یان چەند ئەندامێك ژمارەیان لە سێیەکی ئەندامانی کەمتر نەبێ بۆیان هەیە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن بۆ کۆبوونەوەی نا ئاسایی و کۆبوونەکە تەنیا سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە بانگهێشتەکەدا دیار کراون.

سێیەم: سەرۆك بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشت بۆ بەستنی دانیشتنێکی نا ئاسایی بکات، لە کاتی پێویستدا.

چوارەم: ئەو خولەی بودجەی گشتی هەرێم دەخرێتە ڕوو لە پەرلەمان تاکو پەسەند نەکرێت کۆتایی پێ نایەت.

**ماددەی حەفتەم:**

ماددەی هەژدەمی زێدەکراو بە سێیەم هەموارکردنی یاساکە هەمواردەکرێ ودەبێتە (ماددەی شەشەم-دووبارە) وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی شەشەم (دووبارە):

یەکەم:(کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراقی شوێنی (دەستەی بالا بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق) دەگرێتەوە، کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی خولی هەلبژاردنی سێ یەمی پەرلەمان وبەڕێوەبردنی، بەپێ ی برگەی (٤)ی ماددەی(٢) یاسای کۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردن ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧.

دووەم:کۆمسیۆنی بالا بۆی هەیە ئەو پەیڕەوو ڕێنمایيە تايبەتيانەی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق جێبەجێ بکا بەجۆرێ ناکۆك نەبن لەگەل حوکمەکانی لەم یاسایەدا هاتووە."

سێیەم:کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەروانێتە ئەو ناکۆکی و نارەزاییانە کەلەکاتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردنەکان روویانداوە.

چوارەم:دەستەیەکی دادوەری لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان-عیراق پێکدێت لەسێ دادوەری تەرخان نەکراو ( غیر متفرغ ) بۆ روانین لەو تانوتانەی کەبۆی رەوانە کراوە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەکان یاخود کەسەکان یان قەوارە زیان لێکەوتووەکان لەئەنجامی بڕیارەکانی کۆمیسیۆن و ئەو بڕیارانەشی بنبڕ دەبێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (سی وشەش/دووبارە):

" ماددەی سی وشەشەم: ( دووبارە)

یەکەم: پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ کلدان سریان ئاشووری کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتانە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

دووەم: پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ تورکمان کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

سێیەم: یەك کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

چوارەم: دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باسکران پاڵێوراوی پێکهاتەکە هەڵدەبژێرن."

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (پازدەم/دووبارە):

"ماددەی پازدەم: (دووبارە)

دەستەواژەی (توماری دەنگدەران) شوێنی دەستەواژەی (خشتەکانی هەڵبژاردن) دەگرێتەوە لە هەر شوێنەکی ئەم یاسایەدا هاتبێت."

**ماددەی دەیەم:**

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی نیشتەجێن لەدەرەوەیدا مافی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراقدا هەیە.

**ماددەی یازدەم:**

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ پاسەوانی هەرێم( پێشمەرگە) و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانەکان و چاکسازییەکان و نەخۆشەکان و بەندکراوەکان لەبنکەکانی دەنگدانی تایبەت دەستەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تایبەتمەند دەستنیشان دەکات بەمەرجی بەر چل و هەشت کاتژمێر لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکرێ.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٢٥)وە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلاْودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانـــی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
١٠/ نەورۆز/ ٢٧٠٩ ی کوردی
٣ / ربیع الثاني / ١٤٣٠ ی کۆچی
٣٠/ ئادار/ ٢٠٠٩ ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

هەرێمی کوردســـــتان
سەرۆکایەتی هەرێم
ژمارە : د-١٥٢
ڕێکەوت:٢٠٠٩/٤/٧

## فەرمــــــانی هەرێمی

## ژمـــــارە ( ٥٣ ) ســـــاڵی ٢٠٠٩

بـــەپێی بڕگـــەی ( ١٤ )ی مـــاددەی ( ١٠ ) ی یاســـــای ســـەرۆکایەتی هـــەرێمی کوردستان ژمارە( ١ ) ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموار کـــراو بریـارماندا بە :-

١. سپاردنی پۆستی جێـگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردســـتانی – عـێراق بە بەرێـــز ﴿ عیماد احمد سیفور ﴾ .
٢. ئەم فەرمانە هەرێمییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکـــرێت.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردســــتان

---

هەرێمی کوردســـــتان
سەرۆکایەتی هەرێم
ژمارە : د-١٤٠
ڕێکەوت:٢٠٠٩/٤/٧

## فەرمــــــانی هەرێمی

## ژمـــــارە ( ٤٠ ) ســـــاڵی ٢٠٠٩

بـــەپێی بڕگـــەی ( ١٤ )ی مـــاددەی ( ١٠ ) ی یـاســـــای سەرۆکـــــایەتی هـــەرێمی کوردستان ژمارە( ١ ) ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموار کـــراو بریـارماندا بە :-

١. سپاردنی پۆستی وەزیـــری ناوخۆ بە بەرێـــز ﴿ کــــــریم سنجـاری ﴾ .
٢. ئەم فەرمانە هەرێمییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکـــرێت.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردســــتان

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**هەرێمی کوردســــتان**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**ژمارە : د- ١٤١**
**رێکەوت:٢٠٠٩/٤/٧**

## فەرمـــــانی هەرێمی
## ژمـــارە ( ٤١ ) ســـالٌی ٢٠٠٩

بـــەپێی برگـــەی ( ١٤ )ی مـــاددەی ( ١٠ ) ی یاســـای ســـەرۆکایەتی هـــەرێمی کوردســتان ژمارە( ١ ) ی ســالٌی ٢٠٠٥ی هەموار کــراو بریــارماندا بە :-

١. سپاردنی پۆستی وەزیـــری پێشمەرگە بە بەرێــز ﴿ جــعفـر مصطفی ﴾ .
٢. ئەم فەرمانە هەرێمییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکــرێت.

**مسعود بـارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتی ژینگە**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی یاسایی**

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٩

پشت بەست بە ماددەی ( ٤١ و ٤٢ برگەی سێیەم ) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ( ٨ ) ساڵی ٢٠٠٨ بڕیارماندا بە دەرکردنی ( ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٩ ):

یەکەم :وەزیری ژینگە یان ڕێپێدراوەکەی ( بەڕێوەبەری گشتی تەکنیکی و خۆپاراستن لە تیشك و بەڕێوەبەری ژینگەی پارێزگاکان و ژینگەی گەرمیان ) دەتوانی هەر دامەزراوەیەك یان پرۆژەیەك یان هەر لایەنێك یان هەر سەرچاوەیەکی پیسکردنی ژینگە ئاگادار بکاتەوە ئەوانەی لە پلە ( أ ، ب ، ج ) دان و بۆ لابردنی فاکتەری کاریگەر و زیانبەخش بە ژینگە بەم شێوازەی خوارەوە .

١. بەنوسراوێك ئاگاداری پرۆژەکە یان دامەزراوەکە دەکرێتەوە کە لەماوەی( ١٠ ) ڕۆژدا لەڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەی بەلابردنی سەرچاوەی پیسکردنی ژینگە .
٢. پاش تێپەڕبوونی ماوەی ئاگادارییەکە ئەگەر پاساوی زانستی و بابەتی هەبێت بەپێی ڕاپۆرتێکی پەسەندکراو ئەوا ماوەیەك بۆ پرۆژەکە یان دامەزراوەکە دیاری دەکرێت بەمەبەستی چارەسەرکردن ماوەکەش بەپێی پۆلێنی ( أ ، ب ، ج ) بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت :
   أ- ماوەی پۆلێنی پلە ( أ ) لە دەسەڵاتی وەزیر دایە و دەبێت لە ( ٩٠ ) نەوەد ڕۆژ زیاتر نەبێت .
   ب- ماوەی پۆلێنی پلە ( ب ) لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی دایە و دەبێت لە ( ٦٠ ) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت.
   ج- ماوەی پۆلێنی پلە ( ج ) لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ژینگەی پارێزگاکان و ژینگەی گەرمیان دایە و دەبێت لە ( ٣٠ ) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت .
٣. لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی برگەی ( ٢ ) لەماوەی دیاریکراودا، بەڕێوەبەری گشتی تەکنیك و خۆپاراستن لە تیشك بۆی هەیە بەفەرمانێك غەرامەیەکی بەسەردا بسەپێنێت کە لە ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ( ٦,٠٠٠,٠٠٠ ) شەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت ، لەگەڵ لابردنی سەرچاوەی پیسبوونەکە ، وە ئەگەر شایستەی پێبژاردنی زیاتر بوو لە ( ٦,٠٠٠,٠٠٠ ) شەش ملیۆن دینار ئەوا بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزیر و وەزیر بۆی هەیە تا بڕی ( ١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار سزای بدات .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٤. لـــه حاڵـــەتی ملنـــەدانی لـــەماوەی دیـــاری کـــراوی بڕگـــەی ( ٣ ) دا وەزیـــر بـــۆی هەیـــە بەفـــەرمانێك پرۆژەکـــە یـــان دامەزراوەکـــە رابگرێـــت یـــان دایبخـــات لەســـەر راســـپاردەی بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی تـــەکنیك و خۆپاراســـتن لەتیـــشك بەشـــێوەیەکی کـــاتی لـــە ( ٣ ) ســـێ ڕۆژ کـــەمتر نـــەبێت و لـــە ( ٩٠ ) نـــەوەد رۆژ زیاتر نەبێت تاوەکو چارەسەری پیسبونەکە دەکرێت.

٥. لـــەکاتی بـــەردەوامبوونی هۆکـــاری پیـــسبونەکەو هەوڵـــەدانو ملنـــەدانی لایەنەکـــە بەفەرمانـــەکانی وەزارەت و رێنماییـــە ژینگەییـــەکان بـــەپێی راپـــۆرتێکی زانـــستی پەســـەندکراوی بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی تـــەکنیك وەزیـــر دەتوانێـــت بەفـــەرمانێکی وەزاری رەزامەنـــدی ژینگـــەیی بکێـــشێتەوە ، تـــا چارەســـەری هۆکـــاری پیسبوونەکە دەکرێت .

دووەم : لەســـەر راســـپاردەی بەڕێوەبەرایـــەتی ژینگـــەی پارێزگاکـــان و ژینگـــەی گـــەرمیان، بـــەپێی راپـــۆرتێکی زانـــستی پەســـەندکراو بەرێوەبـــەری گـــشتی تـــەکنیك و خۆپاراســـتن لـــە تیـــشك ئاگـــادار دەکەنـــەوە بەمەبەســـتی ســـەپاندنی پێبـــژاردن لەســـەر پرۆژەکـــە و بەڕێوەبـــەری گـــشتی تـــەکنیك و خۆپاراســـتن لـــە تیـــشك بـــۆی هەیـــە بـــە فـــەرمانێك غەرامەی بەسەردا بسەپێنێت بەپێی خاڵی یەکەم بڕگەی ( ٣ )ی ئەم رێنماییە .

ســـێیەم : وەزیـــر بـــۆی هەیـــە لـــە دادگـــا پەیوەندیـــدارەکان داوای یاســـایی بـــەرز بکاتـــەوە لەســـەر سەرپێـــچی کـــاران ســـەبارەت بـــەو سەرپێـــچییانەی روو دەدەن لەســـەر راســـپاردەی بەڕێوەبـــەری گـــشتی تـــەکنیك و خۆپاراســـتن لـــە تیـــشك لـــەو پـــڕۆژە و دامەزراوانـــەی لـــە پلە ( أ ) دان لە رێگای نوێنەری یاساییەوە .

چـــوارەم : بەڕێوەبـــەری گـــشتی تـــەکنیکی و خـــۆ پاراســـتن لەتیـــشك بـــۆی هەیـــە لـــە دادگـــا پەیوەندیـــدارەکان داوای یـــاســـایی بـــەرز بکاتـــەوە لەســـــەر سەرپێـــچی کـــاران ســـەبـــارەت بـــەو سەرپێـــچییانەی روو دەدەن لـــەو پـــڕۆژە و دامەزراوانـــەی لـــە پلـــە ( ب )دان لە رێگای نوێنەری یاساییەوە.

پێنجەم : بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی پارێزگاکان و ژینگەی گەرمیان بۆیان هەیە لە دادگا پەیوەندارەکان داوای یاسایی بەرز بکەنەوە لەسەر سەرپێچی کاران سەبارەت بەو سەرپێچییانەی روودەدەن لەو پڕۆژەو دامەزراوانـەی لـە پلـە (ج) دان لەرێگـەی نوێنـەری یاسـاییەوە، وە بەرزکردنـەوەی داوای یاسـایی سـەبارەت بـەو پـرۆژە و دامەزاوانـەی لـە پلـە ( ب )دان لەسـنوری کـاری خۆیانـدا بـە رەزامەنـدی بەڕێوەبەری گشتی تەکنیك و خۆپاراستن لە تیشك .

شەشەم : ئەم رێنماییە دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت .

**دارا محمد امین**

**وەزیری ژینگە**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**
**ژمـــارە : ٤٩٥/٣**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٣/٢٩**

## بەیــــــان ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە پێی مـــاددەی ( ٩ / دووەم ) لە یـــاســـــای وەزارەتی داد ژمارە ( ١٣ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیـــــارماندا بە **کردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە لە ناحیەی بیارە ، سنوری کارەکانی هەردوو ناحیەی ( خورمـــاڵ و بیارە ) و ( شارۆچکەی تەوێلە ) دەگرێتەوە.**

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی شارەوانی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی**
**فەرمانگەی یـــاســـــایی**
**ژمـــارە : ٤٩٥/٣**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٩/٣/٢٩**

## بەیــــــان ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە بڕگە ( د ) ی ماددەی ( ١٠ ) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە( ٦ )ی ســاڵی ١٩٩٣ی هەمــوار کــراو ، وە لــەبــەر گەیشتنی ژمــارەی دانیشتوانی نــاحیەی تەکـیە بۆ ( ٢٤٣٥٥ ) بیست و چوار هەزار و سێ سەد و پەنجاو پێنج کەس بـڕیارماندا بە :-**

١. **گۆڕینی پلەی شارەوانی تەکیە لە سنوری پارێزگای سلێمانی بۆ پلەی ( ٢ ) لەسەر ڕۆشنایی یاسای سەرەوە.**
٢. **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

# وقائع كوردستان

**الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعـــيـاً من قبل وزارة العدل**

**العدد ( ٩٨ )　الطبعة الاولى　السنةالتاسعة　٢٠٠٩/٥/٤ م　١٤/گولآن/٢٧٠٩ كوردي　٩/ جمادى الاول/ ١٤٣٠ هـ**


**فـــي هذا العدد :-**


* **قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩**......................................................... ص ١٠
قانون التعديل الرابع لقانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل.


ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة الإقليم
الرئيس

باسم الشعب

قرار

رقم (٤) لسنة ٢٠٠٩

قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩

قانون التعديل الرابع لقانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل

وفقا للفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بعد ان اقر برلمان كوردستان – العراق معظم اقتراحاتنا الواردة في قرارنا المرقم (٣) لسنة ٢٠٠٩ في جلسته المرقمة (٢) المنعقدة في ٢٥ /٢٠٠٩/٣ قررنا إصدار:

قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩

قانون التعديل الرابع لقانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل

**المادة الأولى:**

أولاً: تحل تسمية (برلمان كوردستان ـ العراق) محل (المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق) الواردة في القانون المرقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والقوانين النافذة في الاقليم.

ثانياً: تعدل كافة المصطلحات والتعابير الواردة في هذا القانون والقوانين النافذة في الاقليم بما يتطابق والتعديل الوارد في الفقرة (أولاً) أعلاه.

**المادة الثانية:**

تلغى المادة الرابعة عشرة من القانون.

**المادة الثالثة:**

تعدل الفقرة (٢) من المادة (الحادية والعشرون) من القانون وتقرأ كالآتي:

٢– كامل الأهلية وبلغ الخامسة والعشرين سنة من العمر.

**المادة الرابعة:**

تعدل الفقرة (١) من المادة (الثانية والعشرين) من القانون وتقرأ كالآتي:

(لكل كيان سياسي في كوردستان– العراق تقديم قائمة خاصة به تتضمن أسماء مرشحيه على نطاق كوردستان–العراق تحتوي على نسبة لا تقل عن (٣٠٪) من النساء ويتم ترتيب أسماء المرشحين بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لا يقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن ثلاثة.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**المادة الخامسة:**

**تعدل المادة (السادسة والاربعون) من القانون وتقرأ كالآتي:**

**يعقد البرلمان جلسته الأولى خلال عشرة أيام بعد صدور المرسوم الاقليمي بدعوته للانعقاد وفي حالة عدم صدور الدعوة اليه يجتمع تلقائياً في اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.**

**المادة السادسة:**

**تعدل المادة (التاسعة والاربعون) من القانون وتقرأ كالآتي:**

**أولاً: يحدد المجلس في الجلسة الاولى مواعيد دورات انعقاده على ان لا تقل عن دورتين في السنة.**

**ثانياً: لرئيس البرلمان او ما لا يقل عن ثلث عدد اعضائه دعوته للانعقاد في جلسة غير اعتيادية ويقتصر الاجتماع على النظر في الموضوعات المحددة في الدعوة.**

**ثالثاً: للرئيس دعوته للانعقاد في جلسة غير اعتيادية بناءً على طلب رئيس الاقليم أو رئيس مجلس الوزراء عند الضرورة.**

**رابعاً: لا تنتهي الدورة التي تعرض فيها الموازنة العامة للاقليم على البرلمان الا بعد المصادقة عليها.**

**المادة السابعة:**

**تعدل المادة الثامنة عشرة المضافة بالتعديل الثالث للقانون وتصبح المادة السادسة مكررة له وتقرأ كالآتي:**

**المادة السادسة (مكررة):**

**أولاً: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان- العراق الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية الثالثة للبرلمان وادارتها بموجب أحكام الفقرة (٤) من المادة (٢) من قانون المفوضية العليا للانتخابات رقم (١١) لسنة ٢٠٠٧.**

**ثانياً: للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات تطبيق الانظمة والتعليمات الخاصة بها على انتخابات برلمان كوردستان- العراق بما لا يتعارض مع الاحكام الواردة في هذا القانون.**

**ثالثاً: تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفيذ اجراءات الانتخابات.**

**رابعاً: تشكل هيئة قضائية في محكمة تمييز اقليم كوردستان-العراق من ثلاثة قضاة غير متفرغين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل هيئة الانتخابات او الافراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات المفوضية وتكون قراراتها باتة.**

**المادة الثامنة:**

**تضاف المادة التالية الى القانون وتصبح المادة السادسة والثلاثين مكررة له:**

**المادة السادسة والثلاثين (مكررة):**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

أولاً: تخصص خمسة مقاعد للكلدان السريان الآشوريين يتنافس عليها مرشحوا المكون المذكور.

ثانياً: تخصص خمسة مقاعد للتركمان يتنافس عليها مرشحوا المكون المذكور.

ثالثاً: يخصص مقعد واحد للأرمن يتنافس عليه مرشحوا المكون المذكور.

رابعاً: يجري انتخاب مرشحي كل مكون من قبل الناخبين من المكونات المذكورة.

**المادة التاسعة:**

تضاف المادة التالية الى القانون وتصبح المادة الخامسة عشرة مكررة له:

المادة الخامسة عشرة (مكررة):

تحل عبارة سجل الناخبين محل عبارة (جداول انتخابية) أينما وردت في هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

لمواطني اقليم كوردستان المقيمين خارجه حق المشاركة في انتخابات برلمان كوردستان ـ العراق.

**المادة الحادية عشرة:**

تجرى عملية اقتراع منتسبي قوى الامن الداخلي وحرس الاقليم (البيشمەرگە) والجيش والعاملين في المستشفيات والسجون ونزلاءهما في مراكز اقتراع خاصة تحددها هيئة المفوضية العليا المستقلة للانتخابات بالتنسيق مع الوزارات المختصة على ان تجرى قبل ثمانية واربعين ساعة من موعد اجراء الانتخابات.

**المادة الثانية عشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ ٢٠٠٩/٣/٢٥ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر**

١٠ / نەورۆز/٢٧٠٩ كوردية

٣ / ربيع الثانى/١٤٣٠ هجرية

٣٠ / آذار/ميلادية

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM